www.kurdistannet.org
13-10-2006 7:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چیرۆکی کیژێکی دەمی سەگەکان ... سارا عومەر، دانمارک



2006 .10 .08

Xozga86@hotmail. com

ئەوە دیسان بەیانییەوە و سەرەتای ڕۆژێکی نوێی تەماوی پایزە و شتێک لە ناخمدا پێم دەڵێت دەی.. زووکە... پەیامێک چاوەڕێتە، پەیامێک کە باڵندە بەرزەفڕە کۆچکەرەکانی پایز لەسەر باڵی شەکەتبووی گەشتیان دەیگەیەننە لام. من هەروام دەزانی وەک ڕۆژانی دی خولیایی چڕینەوەی دێڕێکی نوێی هۆنراوەم سەرمدایە و ئەگەر لە مردنیش گەڕاومەتە دەبێت هەر بیهۆنمەوە. بەڵام وا نەبوو، ئەمجارەیان بەدەم خوێندنەوەی پەیامێکی نەناسراوەوە دەریایەک لە فرمێسکم لێ دەڕژا، وا هەستم دەکرد جەستەم بەرەو ڕامان دەچوو لە کاتێکدا کە نامەی کیژە کوردێکی جێماوی ئەنفالە بێتاوانەکانم دەخوێندەوە. ئەو داوا دەکات ئەم چیرۆکە خوێناوییە ڕەشەی بە پێنوسەکەی دەستی لەرزۆکم بۆ بهۆنمەوە، ئەو دەڵێت من ئافرەتم، بەڵام دڵنیابە دەتوانم بپەیڤێم و ئەوەی چەند ساڵە ئازارم دەدات دەری ببڕم. من تاوانەکانم لە یادە، زۆردارەکانم لە یادە، ئەوانەم لە یادە، کە چەند جارێک بە پێش چاوی منالیمەوە دەستدرێژی جەستەییان بۆ سەر چواردەورەکەمان دەکرد. ئەو دەڵێت تەمەنم تەنها هەشت ساڵان دەبوو، کە لە نووگرەسەلمان لە دایکمیان جیا کردینەوە و تاقە براکەشمیان دایەبەر دەستڕێژی تفەنگە تینوو بە خوێنەکانی کورد و تا ئێستاش سۆراخی دایکم نازانم، بەڵام سەری خۆم کز گرتووە و دانیشتووم.. بەڵکە گەر هیچ نەبێت ڕۆحیانەتە سپییەکەی دایکم ئێوارەیەک بەسەرم بکاتەوە... هەر لە چاوەڕوانیدام هەتا چاوەکانم لە کۆتای تەمەنما لێک دەنێم بە یەک جاری!

داخی، چۆن ئەو کەسانەی ئێستا ڕەخنە لەو شێرە ژنانە دەگرن، کە بە جەرگی سووتا و ماڵی وێران و نەبوونی کوچەیەکی ئارامی بۆ غەمە زیندووەکانیان ئازایانە ڕوو دەکەنە دادگاو بەڕاشکاوی دەڵێن ئێمە لە مردن گەڕاوینەتەوە. من تێناگەم، چۆن ئەو جۆرە کەسانە مافی ئەوە بەخۆیان دەدەن کە ڕەخنە لە ڕاستەقینەی بینایی کەسێکی گواهی ڕووداوەکان بگرن. دەمەوێت تێبگەم، کە بۆ کۆمەڵگای کوردی ئێستاش ئافرەتی نەخوێندەوار بە هۆشیار تێناگەن، ئەمەش لە کاتێکدا ئازایانە و نەبەردانە بە زمانی کوردی و بە جلکی کوردی و بە نەریتی کوردی ڕوو دەکەنە سەر بەندی دادگاو بەڕاشکاوانە دوور لە پەردەی ترس ئەوەی بینیویانە دەیلێن.

ئەی باشە بۆ میللەتی کورد درک بەوە ناکات، کە هەر دڵۆپە فرمێسکێک کە لە گۆشەی چاوە غەمگینەکانی ژنە ستەم لێکراوێکی ئەنفالەوە دێتە خوارەوە خۆی لە خۆیدا شایەتحاڵێکی زیندووە و بێتاوانی ئێمەی کورد و زۆرداری و ململانێ پێکردنی سەدامی دیکتاتۆر و دارو دەستەکەی پیشان دەدات؛

ئاخر بۆ میللەتی کورد بە نەگبەتی چاو بە ژیان هەڵبهێنن و بۆچی بە نەگبەتیش سەریان بنێنەوە.

لە چەند دێڕێکی تریدا ئەو دەڵێت:

من وەک کچێک چۆن بتوانم لافاوی فرمێسکی چاوەکانم هێور بکەمەوە، ئەگەر لە دیوانی چارەنوسێکدا لە ونبوون و نەبینەوەی دایکم بدوێم؛

چۆن بتوانم جەستەم لە لەرزینی ستەم ڕزگار بکەم لە کاتێکدا باسی بینینی خوێنی سوری گەش و ئاڵی برا خێر لە خۆ نەدیوەکەم بکەم، کە بەپێش چاوی چەندین دۆڕاوی لەخۆ ڕازی و فەرمانپێکراوەوە وەک مرۆڤێکی تاوانبار ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد و پاش کوشتنیشی وەک سەگ پۆستاڵی ڕەشی ڕۆشتنی بۆ ڕێگاچەوتەکانیان دەنایە ناو دەمی و سەرەڕای کوشتنیشی وازیان لێنەدەهێنا هەتا هەموو ڕک و کینەی پیسی بەکرێگیراوی خۆیان بەو دەرشت و بەر پێلەقەیان دەدا؛

ئاخر چۆن نەگرین ئێمە ؛؛

چۆن ؛؛؛ ئەو پیاوە سالارانەی کە تەنها لێپرسراو و کەسە ئاست بەرزەکان بە قسەزان دەزانن چۆن بتوانن لە چاویلکەی ئێمەوە قسە بکەن و سۆزدار نەبن... ئاخر خۆ فرمێسکی درۆ و فرمێسکی ڕاستەقینە لە دوورەوە هاوار دەکەن، کە کامیان ڕاستی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیەکە!

جا مەگەر مرۆڤ خۆی زۆر شێوازی بیرکردنەوەی تەسک بێت و سەری لە خۆی تێکدابێت بۆ بینینی ڕاستی و هەڵە و قسە هەڵبەستراوەکان! ئەگین بۆنی خۆشی شتە ڕاستەکان گوڵاویش نایگاتێ.

ئاخر من تێناگەم چۆن بتوانین بەبێ هەنسکی گریان شرۆڤە لە تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی هاوسەری بەلایەنی کەمەوە 6000 ژن لە سنوری کەرکوکی داگیرکراو بکەین. چۆن بتوانین ئەوەمان بیر بچێتەوە، کە ناوچەی گەرمیان چی بەسەر هات.

چۆن بتوانین بەکوڵ نەگرین، کە سوور دەزانین بە لایەنی کەمەوە 37 هەزار ئەنفال هەیە لە کەرکوک، کە نزیکەی 3 هەزار منداڵی بێتاوان دوور لە نازی دایک و باوک دەژین، بەهۆی ئەنفالکردنیان لەلایەک پارتی بەعسی فاشل و داروەدەستەکەی.

ئەمە تەنها چمکێکی زۆر کەمی ئەو ستەم و زۆردارییەیە، کە بە کوردیان کردووە و لە ئامێزی خۆشەویسترین کوردستاندا هەڵپچروقاون.

ئەی ئەگەر تیر بخەینە سەر قوربانیانی هەڵەبجە و دەوروبەری. ئەی ئەو هەموو تەرمەی بارزانییەکان کە هەمووی لە ئاڵای کوردستان هەڵکێشرابوون دوای دۆزینەوەیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا... ئەی ئەوانەش پێویستیان بە فرمێسک نییە؛؛؛؛

بیرۆکەی (کیژی دەمی سەگەکان) پێشکەشە بەو کەنیشکەی کە نازانم چۆنە و ڕووخساری چۆنە، بەڵام لە ئەلەندی ڕۆژێکی پایزدا لە دەرگایماڵەکەمیدا و تنۆکی فرمێسکی چاوەکانی بووبە شەونمی پێنووسم.